کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

4-11-2007 3:33 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تۆڕانیەکان شەهیدەکانیان لە یاد ناکەن ... عەلی مەحموود محەمەد

www.anfal.be

لە ئاسمانی رۆتەردام و چەند شارێکی دی شانشینی هۆڵەندا، کۆپتەرێك بە ئاڵای تورکیاوە بینراوە بەسەر شارەکاندا خولاوەتەوە، نووسراوەیەك بە دوایا بووە و لەسەری نووسراوە " شەهیدەکانمان لەبیر ناکەین ".




توورکە تۆڕانییەکان بۆ لەدەست دانی چەند دە زەربازێك خۆیان، ئەم هەموو جموجۆڵەیان دەست پێ کردووە لە زەوی و ئاسمان، ئەمە لە کاتێکدا بۆ خۆیان داگیرکەرن لە کوردستان و هەڕەشەی پەلاماردانیش دەکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە بەشێکە لە وڵاتێکی دی.

تورکە ناسیۆنالستەکان لە شاری ئۆترێختی هۆڵەندا، 4000 خۆپیشاندەریان دژ بە کورد و پشتگیری پەلاماری سەربازی سوپای تورکیا بۆ سەرهەرێمی کوردستان کۆکردەوە، ئێمەش نەتەوەیەکی ژێر دەستەو نیشتمانەکەمان لەبەردەم هەڕەشەی پەلاماری سوپای داگیرکاری تورکیایەو بە بە رچاومانەوە رۆژانە چەندین لە باشترین کوران و کچانی کورد لە لایەن سوپای تورکیاوە شەهید دەکرێن، ئەوسا لە باشترین حالەتدا توانیمان تەنها نزیك 300 کەس کۆ بکەینەوە بۆ نارەزایەتی دەربڕین.

ئێمە گەلێکین هەمیشە شەهیدەکانی خۆمان لەسەر زەوی تەنانەت لە نیشتمانی خۆشمان لە بیرکردووە نەك لە ئاسمان و هاندەران، ئەوە نییە هەڵەبجەو گەرمیان و کەرکووك لە بیرکران.

ئەگەر بمانەوێت سەربەرزانە بژێین، پێویستە ئێمەش شەهیدەکانمان لە بیر نەکەین، شەهیدەکانی ئێمە شەهیدی داگیرکاری و پەلاماری نەتەوەی ژێر دەست و سەرکوتکردنی گەلان نین، شەهیدانی داکۆکی لە سەروەری و سەرفرازی نەتەوەیەکی بن دەستن، ئەگەر لە زەوی و ئاسمانیش لە یادیان نەکەین، ئەوا دروشمەکانمان ناچێتە خانەی ڕاستیزمەوە، دەبا ئێمەش لەم کاتە ناسکەدا بۆ گەل بژێین و لەسەر زەوی نەك لە ئاسمان تەنانەت زیندووەکان لە یاد نەکەین، خاوەندارییەتی لەوانە بکەین هەڕەشەی کۆمەڵکوژییان لەسەرە لە لایەن تۆڕانییەکانەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.